**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٣٠) دا کە رۆژی ٢٠١٢/١٢/١٧ گرێ درا، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی٢٠١٢**

**یاسای مافی دانەرو مافە هاوسێکانی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسە و ئامانجەکان**

**ماددەی یەکەم: پێناسەکان**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم زاراوەو دەستەواژانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** وەزارەت : وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێم.

**سێیەم:** کار: هەر کارێکی ئەدەبی یان زانستی یان هونەریی داهێنراو.

**چوارەم:** داهێنان : ئەو ڕواڵەتە داهێنەرەی کەوا ڕەسەنایەتی دەبەخشێتە کارەکە.

**پێنجەم:** کاری بەکۆمەڵ : ئەو کارەیە کە زیاتر لە کەسێکی سروشتی بەشداری تێداکردووە ، بەدەسپێشخەری و ئاراستەو سەرپەرشتی کردنی کەسێکی سروشتی یان مەعنەوەی کە بە ناوی خۆی کارەکە بلاّودەکاتەوە.

**شەشەم:** کاری هاوبەش: ئەو کارەیە کە کارێکی بەکۆمەڵ پێک ناهێنێت، و زیاتر لە کەسێکی سروشتی بەشداری تێداکردووە، چ توانرا پشکی هەر یەکێکیان جیابکرێتەوە یان نەتوانرا.

**حەوتەم:** کاری وەرگێراو: هەر کارێك کەوا پشت بە کارێك یان زیاتر لە کارێکی پێشەخۆی ببەستێت، وەك وەرگێران، یان دابەشکردنی مۆسیقایی، یان وێنەگرتنی هونەری ، یان پوختکردن، یان کورتکردنەوە، یان هەر شێوەیەکی تری ئەو کارانەی شیاوی دووبارە دارشتنەوە یان گۆڕانکارین ، ما دامەکێ لە ڕووی دووبارە ڕێکخستنەوە یان هەڵبژاردنی ناوەڕۆکەکەی ، داهێنەر بێت.

**هەشتەم:** دانەر: ئەو کەسەیە کەوا کارێك دادەهێنێت.

**نۆیەم:** بلاّوکردنەوە: بریتیە لە دانانی کارێك یان دانە کۆپیکراوەکانی لەبەردەستی جەماوەر بە ڕەزامەندی دانەرەکەی یان خاوەن مافەکانی و بەهەر ڕێگەیەك یان ئامرازێکەوە بێت.

**دەیەم:** کۆپیکردن: لەبەرگرتنەوەی وێنەیەك یان زیاتر لە وێنەیەکی وەکیەك لەگەڵ دانە ڕەسەنەکەی کارەکە، بەهەر ڕێگەیەك بێت یان لە هەر شێوەیەك بێت، بە تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی کاتیی یان هەمیشەیی کارەکەشەوە.

**یازدەم:** چەسپاندن: مەبەست لێی تۆمارکردنی دەنگ یان وێنە یان هەردووکیان لە سەر ناوەندێکی ماددی بە ڕێگەیەکی شیاو بۆ تێگەیشتن و کۆپیکردن و گواستنەوە.

**دوازدەم:** فۆلکلۆر: بریتیە لەو کارانەی کەوا توێژە میللیەکان، وەك دەربڕینێك بۆ ناسنامە کولتورییەکانیان دایدەهێنن، و لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوەو یەکێك لە توخمە بنەڕەتیەکانی کەلەپوورەکەیان پێکدەهێنێت.

**سێزدەم:** بەرنامەی کۆمپیوتەر: بریتیە لە کۆمەڵە فەرمان و ئەرك و ستاندەرێك بە زمانێکی پرۆگرامکراوی کۆمپیوتەرو گۆڕدراوە بۆ زمانی ئامێری کۆمپیوتەرو بەشێوەیەکی لۆجیکی ڕێکخراوەو دەبێتە هۆی مامەڵەکردنی کۆمپیوتەر لەگەڵ داتاو دانە دەستی داتاو زانیاری نوێ .

**چواردەم:** مافە هاوسێکان: بریتیە لە مافی هونەرمەندی بەجێگەیەنەرو، بەرهەمهێنەرانی تۆمارە بیستراوەکان و، دامەزراوو ئێزگەو کۆمپانیاو دەستەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی و خانەکانی بلاّوکردنەوە، بەبێ پێشێلکردنی مافی دانەری ڕەسەن.

**پــازدەم:** هونەرمەنــدی بەجێگەینــەر: مەبەســت لێــی ئەکتــەر، ســترانبێژ، مۆســیقار، ســەماکار، یــان هــەر کەســێکی تــر کــەوا بەڕەزامەنــدی دانــەرە ڕەســەنەکە ، هەڵدەســتێت بــە نوانــدن یــان بێــژین یــان خوێندنــەوە یــان ســروودگوتنەوە یان بەجێگەیاندنی شانۆگەری یان هەر کارێکی تر، بە نیشاندانی یاری منــداڵان و ئەکتەرەکانی سێرك یشەوە.

**شازدەم:** بەرهەمهێنــەری کــاری بیــستراو ـ بینــراو: مەبەســت لێــی ئــەو کەســەیە کــە دەسپێشخەر بێت لە ڕێکخستن و ئاراستەکردن و پــارەدانی کــاری بیــستراو یــان بینراو یان تۆمارکردنی دەنگیی.

**حەڤــدەم:** بەرهەمهێنــەری تۆمــارکراوە دەنگییــەکان: مەبەســت لێــی ئــەو کەســەیە کــەوا بــۆ یەکــەمجار کارێــك بــە تۆمــارکردنی دەنگیــی یــان بەجێگەیانــدنی هونەرمەنــدێکی بەجێگەینــەر، تۆمــار بکــات، ئــەویش بــەبێ چەســپاندنی دەنگــەکان لـــە ســـەر وێنـــەدا لـــە چوارچـــێوەی ئامـــادەکردنی کـــارێکی بیستراو ـ بینراودا.

**هەژدەم:** موڵکی گشتی: ئەو موڵکەیە کە گشت ئەو کارانەی بۆ دەگەرێتەوە، کە هەر لــە ســەرتاوە لــە پاراســتن دوورخراونەتــەوە یــان مــاوەی پاراســتنی مافــە داراییەکانی بەسەرچووە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دووەم: ئامانجەکان**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە:

**یەکەم:** پاراستنی مافەکانی دانەرو مافە هاوسێکانی لە هەرێمدا لە بوارەکانی ئەدەب و زانست و هونەردا.

**دووەم:** هاندانی بزاڤی هونەری و ئەدەبیی و زانستی و پێشخستنیان.

**ســێیەم:** پەرەپێــدان و پێشخــستنی پەیوەندیــە کلتووریــەکان لەگــەڵ گــەلانی تــردا لە ڕێگەی پاراستنی مافی ئەو دانەرانــەیان کــەوا بەرهەمــەکانیان لــە هەرێمــدا بلاّودەکرێتەوە .

## بەشی دووەم : چوارچێوەی پاراستنی کارەکان

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** ئەم کارانەی خوارەوە پاراستن دەیانگرێتەوە:

١- کارە نووسراوەکان.

٢- ئەو کارانەی بەزارەکی دەگوترێنەوە، وەك وانەو وتارو پەندبێژی و ئەوەی هاوشێوەیانە.

٣- خوێندنەوەی بەئاشکرای قورئانی پیرۆزو سرووده ئاینیەکان.

٤- کارە شانۆییەکان، و شانۆگەرییە ستران و مۆسیقاسازەکان یان ئەو کارانەی بەجولەو هەنگاوی هونەری ئەنجام دەدرێن، وەك سەماو نواندنی هێماکار (پانتۆمیم).

٥- کاری موسیقایی، دیجیتالی بێت یان هی تر، چ ووشەی لەگەڵدا بێت یان نا.

٦- کاری سینەمایی و بیستراو – بینراو.

٧- کاری فۆتۆگرافیی و کارە هاوشێوەکانی وەك سلاید چ وێنە بێت یان فیلم.

٨- کارەکانی نیگارکێشیی، وێنەگرتن، پەیکەرتاشی، هەڵکۆڵین، هونەرە پراکتیکی و دیکۆرسازییەکان.

٩- کاری تەلارسازیی.

١٠- وێنەی ڕوونکەرەوە، نەخشە، دیزاین، پلانکاری، و کاری بەرجەستەکراوی پەیوەست بە جوگرافیاو تۆبۆگرافیا.

١١- بەرنامەکانی کۆمپیوتەر بە هەر زمانێکەوە بێت.

١٢- داتا بێس.

١٣- کاری وەرگیراو.

**دووەم:** پاراستن ناونیشانی کارەکەش دەگرێتەوە هەتا ئەگەر نیشاندەریش نەبێت لە سەر بابەتەکەی.

**ماددەی چوارەم:**

فۆلکلۆر موڵکی گشتی گەلەو وەزارەت مافەکانی دانەری بەسەردا پیادە دەکات و کار دەکات بۆ پاراستنی فۆلکلۆر لە شێواندن ودەسکاریکردن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەو پاراستنەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ کارەکان بڕیاردراوە، ئەمانەی خوارەوە ناگرێتەوە:

**یەکەم:** بیرۆکەی ڕووت، ڕێکار، شێوازی کارکردن، ڕێگەی بەکارخستن، چەمك، پرنسیپ، دۆزینەوەو داتا زانستیەکان، بیردۆز، هاوکێشەی بیرکاریی، نیگاری ڕوونکەرەوەی ئاماریی با لە کارێکی تـردا گوزارشـتی لێکرابێـت یـان وەسـف کرابێـت یـان ڕوونکرابێتەوە یان تیایدا هاتبێت.

**دووەم:** دەنگوباسی ڕۆژانەی بلاْوکراوە یان پەخشکراو یان ڕاگەیەنراو بەشێوەیەکی ئاشکرا.

**سێیەم:** یاسا ، مەرسوم ، پێڕەوو ڕێنمایی، حوکمی دادگەریی ، حـوکمی ناوبـژیوانان ، بڕیاری دەسـتە کارگێڕییـەکان ، ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتیـەکان ، بەڵگەنامـە فەرمیەکانی ترو وەرگێڕانە فەرمیەکانی سەرتاپا یان بەشێکیان .

**چوارەم:** نیشانەو هێماکان وەك: ئالاٰ ،مەدالیای باو ،جلوبەرگی فەرمی هێزە چەکدارەکان.

**پێنجەم:** ئەو کارانەی بوونەتە موڵکی گشتی، بە مـەرجێك وەزارەت مافـەکانی دانـەر بەسەر ئەم کارانە پیادە بکات لە بەرامبەر شـێواندن یـان دەسـتکاریکردن یـان زیانپێگەیاندنیان.

## بەشی سێیەم
## پیادەکردنی یاسا

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** پاراستنی بڕیاردراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسـایە بەسـەر ئەمانـەی خـوارەوە پیـادە دەکرێت:

١- کارەکانی هاوڵاتیانی هەرێم، جێگەی نیشتەجێبوونیان لە هەر شوێنێك بێت.

٢- کارە هاوبەشەکان کە یەکێك لە دانەرەکانیان هاوڵاتیی هەرێم بێت.

٣- کارەکانی ئەو هاوڵاتیە عێراقیانەی کە نیشتەجێی هەرێم نینە.

٤- کارەکانی ئەو بیانیانەی کەوا یەکەمجار لە هەرێمدا بلاْودەکرێنەوە یان پێشکەش دەکرێن لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیە پەیوەندارانەی کەوا عێراق پێیانەوە پەیوەستە .

**دووەم:** ئەم یاسایە، کارەکانی ئەو بیانیانەی کەوا یەکەمجار لە ولاتێکی بیانیدا بلاودەکرێنەوە ، ناپارێزێت ئەگەر ئەم وولاتە پاراستنی هاوشێوە بۆ کاری هاولاتی عێراقی کە یەکەمجار لە کۆماری عێراقی فیدرالدا بلاودەکرێنەوە یان نیشان دەدرێن، دابین نەکات .

**سێیەم:** لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو حوکمانەی لە برگە (یەکەم)ی سەرەوە دەقیان لە سەر کراوە، ئەوا هونەرمەندی بەجێگەیەنەرو بەرهەمهێنەری تۆمارە بیستراوو بینراوەکان، و دەستەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی و خانەکانی بلاوکردنەوە، دەپارێزرێن .

## بەشی چوارەم
## مافەکانی دانەر

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** دانەر مافی دارایی و مەعنەوی هەیەو ، دانەرو جێگرەوە گشتیەکەی مافی مەعنەوی نەشیاو بۆ بەسەرچوون یان دەستلێهەڵگرتن ، پیادە دەکەن ، کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- مافی خستنەبەردەستی کارەکە بۆ جەماوەر بۆ یەکەمجار، لە کاتێکی دیاریکراوداو بەو ڕێگەیەو ئامرازەی دانەر دیاری دەکات.

٢- مافی خستنەپاڵی کارەکە بۆ دانەر.

٣- مافی بلاوکردنەوەی کارەکەی بەناوی ڕاستەقینەی خۆی یان بەناوێکی خوازراو یان بەبێ ناو.

٤- مافی ڕێگەنەدان بە هەموارکردنی کارەکە بە شێوەیەك کە ببێتە شێواندن یان دەستکاری کردنی، وە هەموارکردن لە بواری وەرگێڕاندا بە دەستدرێژی لەسەر ئەم مافە هەژمار ناکرێت، ئەگەر وەرگێر ئاماژە بەو شوێنانەی لای بردوون یان گۆڕانگاری تیادا کردووە پشتگوێ نەخات، یان بەم کارەی زیان بگەینێت بە ناوبانگ و پێگەی ئەدەبی یان هونەری یان زانستیی دانەر.

٥- مافی ڕێگەنەدان بە هەر دەستدرێژیەك بۆ سەر کارەکەی.

٦- مافی پاشگەزبوونەوە لە گرێبەستەکانی دەستلێهەڵگرتن یان ڕەفتارکردن بە مافە داراییەکانی خۆی، تەنانەت لە دوای بلاْوکردنەوەی کارەکەشی و کێشانەوەی لە دەستاودەستکردن ، ئەگەر ئەم پاشگەزبوونەوەیە پێویستی هەبێت بۆ پاراستنی کەسایەتیی و ناوبانگی خۆی، بە مەرجێك ئەوەی مافەکانی سوودمەندی پێدراوە لەو زیانەی کە دەبێتە دەرئەنجامی پاشگەزبوونەوە لە ماوەیەك کە لەسەری پێکهاتوون یان دیاریکراو لە لایەن دادگاوە ، قەرەبوو بکرێتەوە.

**دووەم:** لە حاڵەتی نەبوونی میراتگری دانەر یان وەسیەت بۆکراو ، ئەوا وەزارەت ئەو مافانەی لە بڕگە (یەکەم)ی سەرەوە هاتوون، پیادە دەکات.

**ماددەی هەشتەم:**

مافە داراییەکانی دانەر شیاوی دەستلێهەڵگرتن و گواستنەوەن بەشێوەیەکی نیمچەیی یان بە تەواوی، چ بە بەرامبەر بێت یان بێ بەرامبەر، وە تەنها دانەر، یان جێگرەوە گشتیەکەی لە دوای خۆیدا، مافی سوودمەندی دارایی کارەکەی هەیە، جا ڕێگەی پیادەکردنی ئەم مافە بەهەر شێوەیەك بێت، لەم پێناوەشدا دانەر بۆی هەیە مۆڵەت بدات یان ڕێگەبگرێت لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** فرۆشتن یان دابەشکردن یان بەکرێدان یان نیشاندانی کارەکە.

**دووەم:** کۆپیکردن ، چاپکردن ، تۆمارکردن و وێنەگرتنی کارەکە بە گشت ئامرازە بەردەستەکان

**سێیەم:** وەرگێرانی کارەکە بۆ سەر زمانێکی تر یان لێوەرگرتنی یان هەموارکردنی یان دەستکاریکردنی یان کورتکردنەوەی یان گونجاندنی یان هەر کارڕاییەکی تر.

**چوارەم:** هاوردەکردنی دانەی ئەو کارەی کەوا لە دەرەوە، چ بە ڕەزامەندی دانەر یان بەبێ ڕەزامەندی ئەودا، بلاْوکراوەتەوە.

**پێنجەم:** بەجێگەیاندنی کارەکە.

**شەشەم:** گواستنەوەی کارەکە بۆ جەماوەر بەهەر شێوەیەك و بەهەر ئامرازێك بێت.

**ماددەی نۆیەم:**

تەنها دانەرو جێگرەوە گشتیەکەی، بۆی هەیە گشت یان بەشێك لەو مافە داراییانەی کە لەم یاسایەدا دەقیان لە سەر کراوە بۆ کەسێکی تر بگوازێتەوەو مەرجیشە بۆ دروستی ئەم ڕەفتارە:

**یەکەم:** پێویستە نووسراو بێت و بەشێوەیەکی وورد ئەو مافانەی کەوا بابەتی گرێبەستەکەن بەجیا دیاری بکات، لەگەڵ دیاریکردنی ماوەو شوێنی وەسوودهێنانەکەو، دانەر مافی دەمێنێت لە هەر مافێکی دارایی کەوا بە پێی گرێبەستەکە دەستی لێهەڵنەگرتبێت و لەگەڵ پێشێل نەکردنی ئەو مافە مەعنەوییانەی کەوا لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە دانەر بۆی نیە هەر کارێك کە ببێتە هۆی لەکارخستنی وەسوودهێنانی ئەو مافەی بابەتی ڕەفتارەکەیە ئەنجام بدات

**دووەم:** ڕەفتارەکە دەبێت دەق بکات لە سەر ئەو بەرامبەرە نەختینەیە یان عەینیەی کەوا لە بڕی گواستنەوەی مافێك یان زیاتری مافەکانی سوودوەرگرتنی دارایی کارەکە بۆ کەسانی تر لە سەر بنەمای بەشداری دانەر لە ڕێژەی سەدی لە داهاتی وەسوودهێنانەکە، هەروەها بۆی هەیە گرێبەست بکات لە سەر بنەمای بڕە پارەیەکی دیاریکراو یان کۆکردنەوەی هەردوو بنەما .

**ماددەی دەیەم:**

ڕەفتارکردنی دانەر بە دانە ڕەسەنە یان تاقانەی کارەکەی نابێتە هۆی گواستنەوەی مافە داراییەکانی سەر ئەم کارەی، لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت کەسی ڕەفتار بۆکراو پابەند بکرێت بە ڕێگەدان بە دانەر کەوا ئەم دانەیە کۆپی بکات یان بگوازێتەوە یان نیشانی بدات، ئەگەر ڕێککەوتنێکی نووسراو بە پێچەوانەی ئەمە نەبێت.

**ماددەی یازدەم:**

دانەری کاری هونەرە شێوەکارییە ڕەسەنەکان و هەروەها دەستنووسە مۆسیقی و ئەدەبیە ڕەسەنەکان، یان میراتگرەکانی ئەم دانەرە، مافیان هەیە ڕێژەیەکیان دەست بکەوێت کە لە (١٠٪)ی هەر پرۆسەیەکی فرۆشتنی ئەم کارە بە مەزادی ئاشکرا، لە دوای یەکەم دەستلێهەڵگرتنی لە لایەن دانەرەکەیەوە، کەمتر نەبێت.

**ماددەی دوازدەم:**

بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایە، هەر کەسێك لە هەرێمدا مافی هەیە هەر کارێکی بیانی بلاوکراوە بە شێوەیەکی چاپکراو یان هەر شێوەیەکی تر، وەربگێرێت و ئەم وەرگێڕانەش بلاوبکاتەوە، ئەگەر یەك ساڵ بەسەر ڕێکەوتی یەکەم بلاوکردنەوەی ئەم کارە بیانیە بەسەرچووبێت، و هیچ وەرگێڕانێکی ئەم کارە لە لایەن خاوەنی مافی وەرگێران یان بە ڕەزامەندی ئەو، لە هەرێمدا بلاونەکرابێتەوە، یان لە حاڵەتی نەمانی چاپە وەرگێڕدراوەکاندا.

**ماددەی سێزدەم:**

**یەکەم:** نابێت مافە مەعنەویەکانی دانەر یان هەرکارێك بەر لەبلاوکردنەوەی گل بدرێتەوە.

**دووەم:** نابێت ئەو کارەی کەوا دانەرەکەی بەر لە بلاوکردنەوەی کۆچی دوایی کردووە، گل بدرێتەوە ، ئەگەر ئەم دانەرە، بەر لە مردنی، ڕازی نەبووبێت لە سەر بلاوکردنەوەی.

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم:** تەنها میراتگرەکانی دانەر مافیان هەیە کارێك ، کە لە کاتی ژیانی دانەرەکەی بلاونەکرابێتەوە ، بلاوی بکەنەوە، تەنها ئەگەر دانەرەکەی وەسیەتی کردبێت کەوا بلاونەکرێتەوە یان ئەو کاتەی دیاریکردبوو کە دەکرێت کارەکەی تیایدا بلاوبکرێتەوە

**دووەم:** ئەگەر زیاتر لە یەك دانەر بەشداریان کردبێت لە دانانی کارێك و یەکێکیان ، بەبێ بوونی میراتگر، کۆچی دوایی کرد ، ئەوا بە یەکسانی پشکی ئەم دانەرە دەبێتە هی ئەوانەی لە دانانەکەدا لەگەڵیدا بەشداربوون، ئەگەر ڕێککەوتنێکی نووسراو بە پێچەوانەی ئەمە نەبێت .

**ماددەی پانزدەم:**

ئەگەر میراتگرەکانی دانەر یان جێگرەوەکانی ، ئەو مافانەی کەوا بۆیان گواستراوەتەوە پیادە نەکەن ، و وەزارەتیش بینی کەوا بەرژەوەندی گشتی پێویست دەکات ئەم کارە بلاوبکرێتەوە ، ئەوا وەزارەت بۆی هەیە، بە نووسراوێکی فەرمی ، داوا لە میراتگرەکانی دانەر بکات کەوا هەڵسن بە بلاوکردنەوەی کارەکەو لە حاڵەتی پێ هەڵنەستانیان لە ماوەی ساڵێك لە ڕێکەوتی داواکارییەکە، ئەوا وەزارەت بۆی هەیە فەرمان بکات بە بلاوکردنەوەی کارەکە بەمەرجێك میراتگرەکان قەرەبوویەکی دادپەروەرانە بکرێنەوە.

## بەشی پێنجەم
## خاوەنی مافەکان

**ماددەی شازدەم:**

**یەکەم:** مافەکانی دانەر لەگەڵ دانانی کارەکەیەوە دێنەئاراوە .

**دووەم:** مەبەست لە هاتنەئارای کار ساتەوەختی دانانێتی لە شێوەیەکی بابەتیی شیاو بۆ تێگەیشتن و کۆپیکردن یان چەسپاندن .

**سێیەم:** مەرج نیە بۆ هاتنەئارای مافەکانی دانەرو پیادەکردنیان کارەکە تۆمار بکرێت یان ڕابسپێردرێت یان ڕێکارە ڕواڵەتکارییەکانی تری بۆ تەواو بکرێت .

**ماددەی حەڤدەم:**

لەگەڵ پێشێل نەکردنی مافەکانی دانەری کاری ڕەسەن ، ئەوا بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەم کەسانەی خوارەوە بە دانەر هەژمار دەکرێن :

**یەکەم:** هەر کەسێك هەڵسا بە وەرگێڕانی کارێك بۆ سەر زمانێکی تر، یان پێداچوونەوەی یان گۆڕینەوەی لە ڕەنگێك بۆ ڕەنگێکی تری ئەدەب یان هونەر یان زانستەکان، یان کورتکردنەوەی ، یان گۆڕینی یان هەموارکردنی ، یان راڤەکردنی، یان کۆمێنت لە سەر نووسینی ، یان پێرستکردنی، یان هەر شێوازێکی تر کە بە شێوەیەکی نوێ و داهێنراوی نیشان بدات .

**دووەم:** هەر کەسێك کارێکی هونەری کەسێکی تر بەجێبگەینێت ، بەجێگەیاندنەکەش چ بە گۆرانی گووتن بێت ، یان ژنین ، یان ریتم ، یان پێشکەشکردن ، یان وێنەگرتن ، یان نیگارکێشان ، یان جولە ، یان هەنگاو، یان هەر رێگەیەکی تر .

**ماددەی هەژدەم:**

بۆ مەبەستی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ، کەسی بلاۆکار بە خاوەنی مافە داراییەکانی دانەری ئەو کارانە هەژمار دەکرێت ، کەوا ناوی هیچ دانەرێکیان هەڵنەگرتووە یان ناوێکی خوازراو هەڵدەگرن ، تاوەکو دانەرە ڕاستەقینەکە دەردەکەوێت یان ناسنامەکەی ئاشکرا دەکرێت .

**ماددەی نۆزدەم:**

**یەکەم:** ئەگەر زیاتر لە کەسێك بەشداریان کرد لە دانانی یەك کاردا ، بە جۆرێك کەوا ناکرێت پشکی هەر یەکێکیان تیایدا جیابکرێتەوە ، ئەوا هەموویان بە یەکسانی بە خاوەنی کارەکە هەژمار دەکرێن ، تەنها ئەگەر لە سەر پێچەوانەی ئەمە پێکهاتبن ، لەم حاڵەتەشدا بۆ کەسیان نیە کەوا مافەکانی دانەر لە سەر ئەم کارەکەدا پیادە بکات ، تەنها بەپێکهاتنی هەموویانەوە نەبێت ، وە هەر یەکێکیان ، لە کاتی ڕوودانی هەر دەستدرێژییەك بۆ سەر مافی دانەر ، مافی هەیە داوا بەرزبکاتەوە .

**دووەم:** بەڵام ئەگەر کرا پشکی هەر بەشداربووێکی دانانی کارەکە لە پشکی هاوبەشەکانی تری جیابکرێتەوە، ئەوا هەر کامیان بێت مافی هەیە مافەکانی دانەر لەو بەشەی کە بەشداری کردووە لە دانانی ، وەسوودبهێنێت بە مەرجێك هیچ زیانێك بە وەسوودهێنانی هەمان کار نەگەینێت یان ستەم لە مافی گشت بەشداربووانی کارەکە نەکات، تەنها ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمە رێککەوتبن .

**سێیەم:** ئەگەر کۆمەڵە کەسێك لە دانانی کارێك ، بە ئاراستەکردنی کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی ، کە بڵاوکردنەوەی کارەکە لە ژێر بەرێوەبردن و ناوی خۆی لە ئەستۆ بگرێت ، بەشداربووبن بە جۆرێك کەوا کاری هاوبەشەکان تیایدا لە ئامانجە گشتیەکەی مەبەستی ئەم کەسە لەم کارە یان بیرۆکەیەی دایهێناوە ، بە جۆرێك ئاوێتە بووبێت کەوا ناکرێت کاری هەر بەشداربووێك لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە بە تەنیا جیابکرێتەوە ، ئەوا ئەو کەسەی داهێنانی ئەم کارەی ئاراستەو رێکخستووە ، بە تەنیا مافەکانی دانەری بەسەردا پیادە دەکات ، ئەگەر رێککەوتنێك بەپێچەوانەی ئەمە نەبێت .

**ماددەی بیستەم:**

**یەکەم:** لە دانانی کاری سینەمایی و بیستراو ـ بینراودا ئەمانەی خوارەوە بـە هاوبـەش هەژمار دەکرێن :

١- دانەری سیناریۆ یان خاوەنی بیرۆکەی نووسراوی پرۆگرامـەکە .

٢- ئەوەی کارە ئەدەبییەکەی بەشێوەیەك گۆڕی بێت کەوا بۆ جێبەجێکردن گونجاو بێت .

٣- دانەری دیالۆگ لە کاری سینەمایی یان بیستراو ـ بینراودا .

٤- دانەری مۆسیقای کارەکە ئەگەر بە تایبەتی بۆ ئەم کارەی دانابێت .

٥- دەرهێنـــەری کارەکــە ئەگــەر چـاودێرییێکی کردارانــەی لــە ســەر جێبــەجێکردنی ئەنجام دابێت .

**دووەم:** ئەگەر کارە سینەمایی یان بیستراو ـ بینراوەکە لە کارێکی تری پێشەخۆی وەرگیرا بێت یان لێی دەرهاتبێت، ئەوا دانەری ئەو کارە پێشووە دەبێتە هاوبەش لە کارە نوێیەکەدا.

**سێیەم:** دانەری سیناریۆی کارێکی ئەدەبی و ئەوەی گۆڕیویەتی و دانەری دیالۆگەکەی و دەرهێنەرەکەی هەموویان پێکەوە مافی نیشاندنی کارە نوێیەکـەیان هەیـە بـەبێ ئەوەی دانەری کارە ئەدەبیە ڕەسەنەکە یان دانەری موسـیقاکەی مـافی نـاڕەزایی دەربڕینیان هەبێت لە سەر ئەمە. بە مەرجێك ئەمە پێشێلی ئەو مافانەی نـەکات کەوا دەرئەنجامی دانانی کارەکەن، و هەردوو دانەری پارچـە ئەدەبیەکـەو دانـەری پارچە موسیقای کارەکە مافیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی ئەو پارچەی تایبەتە بەخۆی بە ڕێگەیەکی تری جیا لە سینەما یان ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن ئەگەر بە پێـچەوانەی ئەمە ڕێکنەکەوتبن.

**چوارەم:** ئەگەر یەکێك لە بەشداربووانی دانانی کارەکە هەڵنەسـتا بـەوەی پێویـستە لـە سەری پێی هەڵبستێت یان ئەو کارەی لێی داواکراوە تەواو نەکات ، ئەوا نابێتـە هۆی ڕێگەگرتن لە بەشداربووەکانی تری دانانی کارەکە کەوا ئەو بەشەی تـەواوی کردووە بەکاری بهێنێت ، بە مەرجێك مـافی هـەر یـەکێکیان کـە دەرئـەنجامی بەشداریکردنێتی لە دانانی کارەکە ، پێشێل نەکات .

**پێنجەم:** ئەو کەسەی هێنانەکایەی کاری سینەمایی یان رادیۆیی یان تەلەفزیۆنی لە ئەستۆ دەگرێت، یان بەرپرسیارەتی ئەم هێنانەکایە لە ئەستۆ دەگرێت و ئامرازە ماددی و داراییەکانی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ئەم کارەو دەرهێنانی دەخاتە بەردەستی دانەران، ئەوا بە بەرهەمهێنەری ئەم کارە هەژمار دەکرێت. بەرهەمهێنەریش بە درێژایی ئەو کاتەی بۆ وە سوودهێنانی کارەکە لە سەری پێکهاتوون، لە کاتی گرێبەستکردن لەگەڵ کەسانی تردا بۆنیشاندان و وەسوودهێنانی کارەکە، بە نوێنەری دانەرەکان و جێگرەوەکانیان هەژمار دەکرێت، ئەمەش بەبێ پێشێلکردنی مافەکانی دانەرەکانی کارە ئەدەبی و مۆسیقاییە لێوەرگیراوەکانی تر، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمە رێکنەکەوتبن.

**شەشەم:** پێویستە لە سەر بەرهەمهێنەری کارە سینەمایی و بیستراو ـ بینراوەکان هەڵبستێت بە بەستنی گرێبەستی نووسراو لەگەڵ گشت ئەو کەسانی کارەکانیان لە بەرهەمهێنانی کارە سینەمایی و بیستراو ـ بینراوەکە بەکار دەهێنرێن و مافە داراییەکانی بۆ دەگەڕێتەوە لەگەڵ دیاریکردنی چوارچێوەی کات وشوێنی وەسوودهێنانی ئەم کارە ئەگەر رێککەوتنێکی پێچەوانەی نەبێت.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

**یەکەم:** لە حاڵەتی بەشداریکردن لە دانانی کاری موسیقایی سترانییدا، ئەوا تەنها دانەری پارچە مۆسیقاکە مافی هەیە مۆڵەت بدات بە بەجێگەیاندنی ئاشکرای تەواوی کارە هاوبەشەکە یان جێبەجێکردنی یان بلاۆکردنەوەی یان لێگرتنەوەی چەند کۆپیەك لێی، لەگەڵ پێشێلنەکردنی مافی دانەری پارچە ئەدەبیەکە، ئەم دانەرەش مافی هەیە بە تەنیا پارچە ئەدەبیەکەی بلاۆبکاتەوە، بەلاّم بۆی نیە ڕەفتاری پێوەبکات تاوەکو ببێتە بنەمای کارێکی موسیقایی تر، ئەگەر بەپێچەوانەی ئەمە ڕێکنەکەوتبن.

**دووەم:** لە حاڵەتی هاوبەشیکردن لە دانانی ئەو کارانەی بە جۆڵەو مۆسیقا جێبەجێ دەکرێن یان لەو نمایشانەی مۆسیقایان لەگەڵدایەو لە گشت کارە هاوشێوەکاندا، ئەوا دانەری پارچە نامۆسیقاییەکە مافی هەیە مۆڵەت بدات بە بەجێگەیاندنی ئاشکرای تەواوی کارە هاوبەشەکە یان جێبەجێکردنی یان لێگرتنەوەی چەند کۆپیەك لێی، وە دانـەری پارچە مۆسیقاکە مافی هەیە تەنها ڕەفتار بە پارچە مۆسیقاکە بکات بە مەرجێك لە کارێکی لێکچوو لەگەڵ کارە هاوبەشەکە بەکار نەهێنرێت، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمە ڕێکنەکەوتبن.

## بەشی شەشەم

## بەکارهێنانی ئازادانەی کارەکان

**ماددەی بیست و دووەم:**

دەشێت کارە بلاوکراوەکان بەبێ مۆڵەتی دانەرو بەبێ پێدانی هیچ بەرامبەرێکی دارایی بەپێی ئەم مەرجانەی دەقیان لە سەر کراوەو لەم حاڵەتانەی خوارەوە، بەکاربهێنرێن:

**یەکەم:** ئەگەر پێشکەشکردن یـان نیـشاندان یـان گووتنـەوە یـان ریتمـی کارەکـە لـە کۆبوونەوەیەکی خێزانیی تایبەت ئەنجامدرابێت و هیچ داهاتێکی دارایی نەبێت.

**دووەم:** بەکارهێنانی کارەکە لە دامەزراوێکی فێرکاری یان رۆشنبیری یان کۆمەلایەتی لە سەر شێوەی ڕوونکردنەوە بۆ مەبەستە فێرکارییەکان و هیچ داهـاتێکی دارایـی نەبێت لەگەڵ باسکردنی کارەکەو ناوی دانەرەکەی.

**سێیەم:** تیپە مۆسـیقاییەکان بۆیـان هەیـە کـارە مۆسـیقاییەکان بەجێبگـەیێنن وە لـە هەموویانیشەوە مەرجە هیچ داهاتێکی دارایی نەبێت و سەرچاوەو ناوی دانەرەکە ئەگەر تیایدا هاتبێت، باسبکرێت.

**چوارەم:** هەر کەسێکی نابینا مافی هەیە کۆپیەك بکات لەو کارەی بە سیستەمی نووسینی تایبەت بەخۆیان (Braille) چاپکراوە لەو کارە ئەدەبی یان مۆسیقاییانەی بە پیتی زەق یان تۆماری دەنگیی بلاوکراونەتەوە. وە کۆپیکردنی هەر کارێکی بلاوکراوە بە ڕێگـەی وێنەگرتنـەوە بـۆ دابینکردنـی پێداویـستیەکانی ئەوانـەی بیـستنیان لـە دەستداوە، بە مەرجێك ئەمە لەگەڵ وەسوودهێنانی ئاسایی کارەکە ناکۆك نەبێت و بەبێ پاساو زیان بە بەرژەوەندییە ڕەواکانی دانەر نەگەیێنێت.

**پێنجەم:** بەڵگەهێنانەوە بە بڕگەکانی کارێك کەوا پێشتر بلاَوکراوەتەوە، لە کارێکی تر بە ئامانجی ڕوونکردنـەوە، یـان ڕاڤـەکردن، یـان وتووێـژ، یـان ڕەخنـەگرتن، یـان رۆشنبیرکردن، یان تاقیکردنەوە، ئەویش بەو ڕادەیەی کەوا ئەم ئامانجە پاساوی بۆ دەکات بە مەرجێك کارەکەو ناوی دانەرەکەی باسبکرێت.

**ماددەی بیست و سێیەم:** ڕۆژنامەو ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن بۆیان هەیە:

**یەکەم:** بەبێ مۆڵەتی دانەرو بەبێ پێدانی قەرەبووکردنەوە ووتارو وانەو ئاخاوتن و کـارە هاوشێوەکانی تری گووتراوە، بلاَوبکاتەوە یان هـەمووی، یـان بەشـێکیان، بـەبێ شێواندن یان گۆڕینی بابەتەکە، ئاراسـتەی جـەماوەری بکـات، لـە هـەموو ئـەم حاڵەتانەشدا مەرجە کارەکەو ناوی دانەرەکەی باسبکرێت بە مەرجێك دانەری هەر یەکێك لەم کارانە بۆی هەیە لە یەك چاپکراودا یان بەهەر ڕێگەیەك یان وێنەیەکی تر کە هەڵیدەبژێرێت، بلاَویان بکاتەوە .

**دووەم:** بەبێ ڕەزامەنـدی دانـەر یـان بلاَوکـار ئـەوەی لـە رۆژنامــەو ئامرازەکـانی تـر بلاَودەکرێتەوە لە ووتار یان کورتە بەشی کارێك کە ڕواڵەتی نوچەی سیاسـی یـان ئابووری یان کۆمەلاَیەتی یان ئایینی و هی تری هەبێت کە لە لای ڕای گـشتیەوە گرنگیان هەیە، کۆپی بکات یان وێنەیان بگرێت یان بیانگوازێتەوە، بە مــەرجێك ئاماژە بکرێت بە ناوی دانەرو ئەو سەرچاوەی لێی گواسـتراوەتەوە، تـەنها ئەگـەر بەڕاشکاوی تیایدا هاتبێت کەوا نابێت لێی بگوازرێتەوە .

**ماددەی بیست و چوارەم:**

دەشێت بەبێ ڕەزامەندی دانەرو بەبێ پێدانی هەر قەرەبووێك :

**یەکەم:** بۆ کتێبخانە گـشتییەکان و بنکـەکانی دۆکیومێنتکردنـە نابازرگانیـەکان و ئـەو دامەزراوە زانـستی و رۆشـنبیری و فێرکارییانـەی کـەوا مەبەسـتیان قـازانج نیـە، ژمارەیەکی دیاریکراو لە بەرنامەکانی کۆمپیوتەر کۆپی بکەن، بەمەبەستی دانانیان لە بەر دەستی قوتابیان و دەستەی مامۆستایان، یان ژمارەیەکی دیاریکراو لە هـەر کارێکی تری تایبەت بۆ پێداویستیەکانی ئەم دامەزراوانە، کۆپی بکەن یـان وێنـەی لێبگرنەوە، بە مەرجێك بەلای کەم یەك دانەی ڕەسەنی کارەکە لە بەر دەستیان دابێت لەگەڵ باسکردنی ناوی کارەکەو دانەرەکەی.

**دووەم:** کۆپیکردن یان وێنەگرتن یان تۆمارکردنی دانەیەك لە کارێکی دیاریکراو بۆ بەکارهێنانی لە ڕێکاری دادگەریی یان کارگێڕی ئەویش لە سنووری پێویستیی ئەم ڕێکارانە.

## بەشی حەوتەم
## ماوەی پاراستن

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

**یەکەم:** مافە داراییەکانی دانەر، کەوا لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە، بەدرێژایی ماوەی ژیانی و پەنجا ساڵیش لە دوای کۆچی دواییکردنی، دەپارێزرێن .

**دووەم:** مافە داراییەکانی دانەری کارە هاوبەشەکان، کەوا لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە ، بەدرێژایی ماوەی ژیانیان و پەنجا ساڵیش لە دوای کۆچی دواییکردنی دوایین کەسی زیندوو لە نێوانیاندا، دەپارێزرێن .

**سێیەم:** مافە داراییەکانی دانەری کارە بەکۆمەڵەکان ـ جگە لە دانەری کاری هونەرە پراکتیکیەکان ـ ئەگەر خاوەنی مافەکانی دانەر کەسێکی مەعنەوی بێت، بەدرێژایی ماوەی پەنجا ساڵ لە ڕێکەوتی یەکەم بلاّوکردنەوەی کارەکە یان خستنەبەردەستی جەماوەرەوە کامیان دوورتر بێت، دەپارێزرێن، بەلاّم ئەگەر خاوەنی ئەم مافانە، کەسێکی سروشتی بێت، ئەوا ماوەی پاراستنەکەی بەپێی ئەو ڕێسایە دەبێت کەوا لە هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە دەقیان لە سەر کراوە .

**چوارەم:** مافە داراییەکانی ئەو کارانەی کەوا بۆ یەکەمجار لە دوای کۆچی دوایی دانەرەکانیان ، بلاّودەکرێنەوە، بە بەسەرچوونی ماوەی پەنجا ساڵ بەسەر ڕێکەوتی یەکەم بلاّوکردنەوە یان خستنەبەردەستی جەماوەرەوە کامیان دوورتر بێت، کۆتاییان پێدێت

**پێنجەم:** مافە داراییەکانی ئەو کارانەی کەوا بەبێ ناوی دانەرەکانیان یان بە ناوێکی خوازراوەوە بلاّودەکرێنەوە ئەوا بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لە ڕێکەوتی یەکەم بلاّوکردنەوە یان خستنەبەردەستی جەماوەرەوە کامیان دوورتر بێت، دەپارێزرێن، بەلاّم ئەگەر دانەرەکەی کەسێکی ناسراوو دیاریکراو بێت یان دانەرەکەی ناسنامەی خۆی ئاشکرا کرد، ئەوا ماوەی پاراستنەکە بەپێی ئەو ڕێسایە دەبێت کە لە بڕگە یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقی لە سەر کراوە.

**شەشەم:** مافە داراییەکانی دانەری کاری هونەرە پراکتیکیەکان بە بەسەرچوونی بیست و پێنج ساڵ بەسەر ڕێکەوتی یەکەم بلاوکردنەوە یان خستنەبەردەستی جەماوەرەوە کامیان دوورتر بێت ، کۆتاییان پێدێت.

**حەوتەم:** ئەو ماوانەی کەوا لە بڕگەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیە دەقیان لە سەر کراوە لە یەکەم ڕۆژی ئەو ساڵە زایینیەی کـەوا لـە دوای ڕوودانــی ئـەو وەقایعانــەی لــە بڕگەکانی سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، دەست پێدەکەن.

**ماددەی بیست وشەشەم:**

یەکەم: کار لە ڕێکەوتی یەکەم دانانی لەبەر دەستی جەماوەرەوە بە بلاوکراوەیی هەژمار دەکرێت، لەمەشدا سەیر ناکرێت بۆ دووبارە بلاوکردنەوەی، تەنها ئەگەر دانەر لە کـاتی دووبارە بلاوکردنەوەی، هەمواری بنەڕەتی بۆ بکات کە لەگەڵیدا دەکرێت بە کارێکی نوێ هەژمار بکرێت.

**دووەم:** ئەگەر کارەکە لە ژمارەیەك بەش یـان بـەرگ پێکهاتبێـت و بـەجیاو لـە کـاتی جیاوازدا بلاوکرابێتەوە، ئەوا بۆ مەبەستی هەژمارکردنی ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی، هەر بەشێك یان هەر بەرگێك بە کارێکی سەربەخۆ هەژمار دەکرێت.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

**یەکەم:** لە دوای بەسەرچوونی ماوەی پاراستنی هەر کارێك، کە لەم یاسایەدا دەقی لەسەر کراوە ، یان لە کاتی پچڕانی میراتگری دانەرەکەی یان نەبوونی هیچ جێگرەوەیەك بۆی، ئەوا پێش بەسەرچوونی ماوەی پاراستنی بە موڵکی گشتی هەژمار دەکرێت ، و ئەگەر پێشتر چاپکرابێت یان بلاوکرابێتەوە ئەوا هەر کەسێك مافی هەیە چـاپی بکات یان بلاوی بکاتەوە.

**دووەم:** بەڵام ئەگەر ئەو کارەی کەوا لە بڕگە یەکەمی ئەم ماددەیە دەقی لە سەر کـراوە چاپ نەکرابێت یان بلاونەکرابێتەوە، ئەوا ناکرێت هیچ مافێکی، بە چاپکردن یـان بلاوکردنەوەش، بەبێ مۆڵەتی وەزارەت وەسوودبهێنرێت، ئەم مۆڵەتەش بۆ ماوەی پازدە ساڵ پیادە دەکرێت و ئەگەر خاوەنەکەی لە ماوەی یەك ساڵ لە مۆڵەتدانەکە پیادەی نەکات، یان ئەگەر دەستی پێکرد ئینجا دواتر بۆ ماوەی سـاڵێکی تـەواو ڕاوەستا بێت لە پیادەکردنی، ئەوا ئەم مۆڵەتە بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت.

## بەشی هەشتەم
## مافە هاوسێکان

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

بەجێگەیەنەری تاك ئەم مافانەی خوارەوە پاوان دەكات:

**یەكەم:** پەخشكردنی بەجێگەیاندنی زیندووەكەی و گواستنەوەی بۆ جەماوەر و چەسپاندنی بەجێگەیاندنە نا چەسپاوەكەی.

**دووەم:** كۆپیكردنی بەجێگەیاندنە ئاوێتەكراوەكەی لەگەڵ تۆمارێكی دەنگیدا، بە هەر ڕێگەیەك و بە هەر شێوەیەك بێت، چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، بە شێوەیەكی كاتی بێت یان هەمیشەیی، بە تۆماركردنی دیجیتالی ئەلیكترۆنیشەوە.

**سێیەم:** دابەشكردنی بەجێگەیاندنە چەسپاوەكەی سەر تۆمارێكی دەنگیی لە ڕێگەی فرۆشتن یان هەر ڕەفتارێكی تری گوێزەر بۆ خاوەندارێتی.

**چوارەم:** بەكرێدانی بازرگانی بەجێگەیاندنە چەسپاوەكەی سەر تۆمارێكی دەنگیی.

**پێنجەم:** ڕێگەگرتن یان مۆڵەتدانی هاوردەكردنی بەجێگەیاندنە چەسپاوەكەی سەر تۆمارێكی دەنگیی لە دەرەوە، جا ئەم تۆماركردنە چ بە ڕەزامەندی هونەرمەندە بەجێگەیەنەرەكە ئامادەكرابێت یان نا.

**شەشەم:** خستنی بەجێگەیاندنە چەسپاوەكەی سەر تۆمارێكی دەنگی بۆ بەردەستی جەماوەر بە ڕێگەیەكی تەلی یان بێتەلی و بە شێوەیەك كەوا جەماوەر بتوانێت لە هەر كات و شوێنێك هەڵیبژێرێت، پێیان بگات.

**حەوتەم:** هونەرمەندی بەجێگەیەنەر مافی هەیە بەجێگەیاندنە بیستراوە زیندووەكەی یان بەجێگەیاندنە چەسپاوەكەی سەر تۆمارێكی دەنگیی بدرێتە پاڵی ، هەتا ئەگەر مافە داراییەكانی پەیوەست بەم مافە بۆ كەسێكی تر گواسترابێتەوە، تەنها ئەگەر ڕێگەگرتن لە خستنەپاڵی بەجێگەیاندنە بیستراوەكە ڕێگەی سوود وەرگرتن لێی بیسەپێنێت ، و مافی هەیە ناڕەزایی دەربڕێت لە سەر هەر دەستدرێژییێك بۆ سەر ئەم مافەو ڕێگەگرتن لە هەر دەستكارییێك یان شێواندنێك یان هەر هەمواركردنێكی تری بەجێگەیاندنەكەی كەوا لەوانەیە زیان بە ناوبانگی بگەیەنێت.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

بەرهەمهێنەری کاری سینەمایی یان رادیۆیی یان تەلەفزیۆنی یان دەنگیی ئەم مافانەی خوارەوە پیادە دەکات :

**یەکەم:** کۆپیکردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی کارەکەی بە هەر ڕێگەیەك یان بە هەر شێوەیەك، چ بە شێوەیەکی کاتی بێت یان هەمیشەیی، بە کۆپیکردنی دیجیتالی ئەلیکترۆنیشەوە.

**دووەم:** دابەشکردنی کارەکەی لە ڕێگەی فرۆشتن یان هەر ڕەفتارێکی تری گوێزەر بۆ خاوندارێتی.

**سێیەم:** بەکرێدانی بازرگانی کارەکەی.

**چوارەم:** خستنی کارەکەی بۆ بەردەستی جەماوەر.

**ماددەی سییەم:**

هەر دەستەیەکی ڕادیۆیی یان تەلەفزیۆنی، لەوەی پەیوەستە بە بەرنامەکانیەوە، ئەم مافانەی خوارەوە پیادە دەکات:

**یەکەم:** چەسپاندنی بەرنامەکانی یان تۆمارکردنیان و کۆپیکردنی ئەم تۆمارکردنانە ئەمەش بەسەر کۆپیکردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیڕەو دەکرێت.

**دووەم:** دووبارە پەخشکردنەوەی بەرنامەکانی و گواستنەوەیان بۆ جەماوەر.

**ماددەی سی و یەکەم:**

حوکمە تایبەتەکانی دەستلێهەڵگرتنی دانەر لە مافە داراییەکانی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر خاوەنی مافە هاوسێکان پیادە دەکرێت. وە لەگەڵ پێشێلنەکردنی ئەو مافە پاوانکارییانەی کەوا ئەم یاسایە بۆ هونەرمەندی بەجێگەینەرو ئێزگەکان دەقی لە سەر کردووە، ئەوان بۆیان هەیە تەنها یەکجار، لەبڕی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەرنامە بلاۆکراوەکانی ئامانجە بازرگانیەکانی پەخشکردن یان گەیاندن بۆ جەماوەر، بەرامبەرێکی دارایی دادپەروەرانە وەربگرن، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمە رێکنەکەوتبن.

**ماددەی سی و دووەم:**

**یەکەم:** ماوەی پاراستنی مافەکانی هونەرمەندی بەجێگەینەر پەنجا ساڵە لە رۆژی بەجێگەیاندنەکە پاش رێکەوتی یەکەم چەسپاندنی دەنگیی پرۆژەی بەجێگەیاندنەکە یان بلاوکردنەوەی یان خستنەبەردەستی جەماوەرەوە کامیان نزیکتر بێت.

**دووەم:** ماوەی پاراستنی مافەکانی بەرهەمهێنەری تۆمارە دەنگیەکان پەنجا ساڵە لە رۆژی چەسپاندنی پاش رێکەوتی بلاوکردنەوەی تۆمارکردنەکەو لە حاڵەتی بلاونەکردنەوەی ئەوا ماوەکە لە رێکەوتی یەکەم چەسپاندنی تۆمارکردنەکە، هەژمار دەکرێت.

**سێیەم:** ماوەی پاراستنی مافەکانی ئێزگەو تەلەفزیۆن بیست ساڵە لە دوای رێکەوتی پەخشکردن .

**چوارەم:** ئەو ماوانەی کەوا لەم بڕگەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، لە یەکەم رۆژی ئەو ساڵە زایینیەی کەوا لە دوای ڕوودانی ئەو وەقایعانەی لەم بڕگەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە، دەست پێدەکەن.

## بەشی نۆیەم
## سپاردن

**ماددەی سی و سێیەم:**

**یەکەم:** بلاوکارو چاپکارو بەرهەمهێنەری کارەکان ، بە هاوبەشی لە نێوانیاندا، پابەند دەبن ، بەلای کەم ، بە سپاردنی پێنج دانە لە کارەکە ـ بەگوێرەی حاڵەتەکان ـ بەمەبەستی دۆکیومێنتکردنی لە لای هەر لایەنێك کەوا وەزارەت دیاری دەکات .

**دووەم:** نەسپاردن نابێتە هۆی پێشێلکردنی ئەو مافانەی دانەر کەوا لەم یاسایەدا دەقیان لە سەر کراوە.

**سێیەم:** سپاردن دەبێتە گرێنەیەك لە سەر خاوەنداریێتی کارە سپێردراوەکەو دەکرێت پێچەوانەی ئەم گرێنەیە بە گشت رێگەکانی سەلماندن ، بسەلمێنرێت .

**چوارەم:** ئەو کارانەی کەوا لە رۆژنامەو گۆڤارو ناوبەناوەکان بلاودەکرێنەوە لە سپاردن دەبەخشرێن تەنها ئەگەر کارەکە بە تەنهایی بلاوبکرێتەوە .

## بەشی دەیەم
## ڕێکارە پاراستنەکیی و سزاکان

**ماددەی سی و چوارەم:**

**یەکەم:** پێویستە لە سەر گشت شوێنە مۆڵەتدراوەکانی کۆپیکردن یان دابەشکردن یان فرۆشتنی کارەکان لە هەرێمدا، ئەو بەڵگەنامە نووسراوانەی کەوا لە لایەن خاوەنی کارەکە یان دەسەڵاتە پەیوەندارەکانی تر بەم کارانە ڕایاندەسپێرێت، بپارێزن، کارەکە چ لە ناوەوەی هەرێم بێت بیان لە دەرەوەی.

**دووەم:** فەرمانبەرانی بەشی پاراستنی مافی دانەر لە وەزارەت، پاڵپشت بە بڕیارێکی دادگەریی دەرکراو لە دادگای لێکۆڵینەوەی ناوچەکە، بۆیان هەیە هەر شوێنێکی چاپکردن یان کۆپیکردن یان بەرهەمهێنان یان دابەشکردنی کارەکان، بە ئامرازەکانی گواستنەوەشەوە، بپشکنن، و بۆیان هەیە، تا گەیشتن بە ئەنجام، دانە سەرپێچیکارەکانی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە لای دادگای لێکۆڵینەوە بسپێرن.

**ماددەی سی و پێنجەم:**

**یەکەم:** دادگا بۆی هەیە ، لەسەر داواکاری خاوەن ماف یان یەکێك لە میراتگر یان جێگرەوەکانی ، چ پێش بەرزکردنەوەی داوا یان لە کاتی داواکەدا ، هەر ڕێکارێك لەم ڕێکارە پاراستنەکیانەی خوارەوە ، پەیوەست بە هەر دەستدرێژییێك بۆ سەر ئەو مافانەی لەم یاسایەدا دەقیان لە سەر کراوە، بگرێتەبەر:

١- هەڵسان بە وەسفێکی ووردی کارەکە .

٢- فەرمانداان بە ڕاگرتنی دەستدرێژییەکە .

٣- سەلماندنی بەجێگەیاندنی ئاشکرای ریتم یان نواندن یان گووتنەوەی کارێك لە نێوان جەماوەرداو ڕێگەگرتن لە بەردەوام بوونی.

٤- گلدانەوەی دانە نایاساییەکان و هەر کەرەستەیەك یان ئامرازێکی بەکارهاتوو لە کۆپیکردنەکە.

٥- دەستبەسەرداگرتی دانە نایاساییەکان و هەر کەرەستەیەك یان ئامرازێکی بەکارهاتوو لە کۆپیکردنەکە یان بەتایبەت ئامادەکراوە بۆ دووبارە بلاّوکردنەوە.

٦- کۆکردنەوەی داهاتەکانی وەسوودهێنانی ناڕەوا.

**دووەم:** لەو حاڵەتانەی کەوا ئەگەر هەیە دواکەوتن لە گرتنەبەری ڕێکارەکانی سەرەوە، زیان بە خاوەن ماف بگەیەنێت، وناکرێت قەرەبوو بکرێتەوە یان لەو حاڵەتانەی مەترسی لەدەستدانی بەڵگەی پەیوەست بە سەلماندنی ڕووداوی دەستدرێژیکردنەکە هەیە، ئەوا دادگا بۆی هەیە هەر ڕێکارێك لەو ڕێکارانەی لە بڕگە (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لە سەر کراوە، بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم، بگرێتەبەر.

**ماددەی سی و شەشەم:**

**یەکەم:** سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ کەمتر نەبێت و لەساڵێك زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، یان بە یەکێك لەم دوو سزایە، هەر کەسێك یەکێك لەم کردەوانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

١- فرۆشتن یان بەکرێدانی کارێکی پارێزراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، یان بە هەر شێوەیەك کارەکە بخاتە ئاڵوگۆڕکردنەوە بەبێ ڕەزامەندی نووسراوی پێشوەختەی خاوەن ماف لە سەر ئەم کارە.

٢- لاساییکردنی کارەکە یان فرۆشتنی یان خستەڕووی بۆ فرۆشتن یان ئاڵوگۆڕکردنی یان بەکرێدانی لەگەڵ زانینی ئەوەی کەوا لاسایی کراوەتەوە.

٣- بڵاوکردنەوەی کارێکی پارێزراو بەهەر ئامرازێکی بڵاوکردنەوە ، جگە لەو حاڵەتانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەدەر کراون ، ئەویش بەبێ ڕەزامەندی نووسراوی پێشوەختەی خاوەن ماف لە سەر ئەم کارە .

٤- هەڵسان ، بە نیازخراپی ، بە لەناوبردنی یان تێکدانی یان خەوشدارکردنی هەر پاراستنێکی تەکنیکی کەوا دانەر بەکاریان دەهێنێت .

٥- دەستدرێژیکردنە سەر هەر مافێکی تری مەعنەوی یان دارایی لە مافەکانی دانەر.

**دووەم:** سزاکە فرەدەبێت بە فرەبوونی ئەو کار یان بەجێگەیاندن یان پەخش یان تۆمارکردنانەی کەوا بابەتی تاوانەکەن .

**سێیەم:** لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی تاوانەکە ، ئەوا سزاکە دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان یەکێك لەم دوو سزایە.

**چوارەم:** پێویستە لە سەر دادگا حوکم بدات بە دەستبەسەرداگرتنی ئەو دانانەی کەوا بابەتی تاوانەکەن و هەروەها دەستبەسەرداگرتنی ئامێرو کەرەستەی بەکارهاتوو لە ئەنجامدانی تاوانەکە .

**پێنجەم:** لە کاتی حوکم دان بە تاوانبارکردن، دادگا بۆی هەیە حوکم دەربکات بە داخستنی ئەو دامەزراوەی کەوا کەسی حوکم لەسەردراو لە ئەنجامدانی تاوانەکەی بەکاری هێنانەوە ، بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ زیاتر نەبێت و لە حاڵەتی دووبارەکردنەوی ئەو تاوانانەی لە بڕگە ( یەکەم/٢ )ی ئەم ماددەیەدا هاتوون ، ئەوا داخستنەکە پێویستەکیی دەبێت.

**ماددەی سی وحەوتەم:**

لەگەڵ پێشێلنەکردنی هەر سزایەکی توندتر کە هەر یاسایەکی تری بەرکار لە هەرێمدا دەقی لە سەر دەکات، ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێك زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت یان بە یەکێك لەم دوو سزایە، هەر کەسێك:

**یەکەم:** هەر زانیارییێکی هاتوو لە هەر شێوەیەکی ئەلیکترۆنی کارەکە، بەبێ ڕەزامەندی خاوەن ماف تیایدا، بسڕێتەوە یان بگۆڕێت، بۆ مسۆگەرکردنی بەڕێوەبردنی مافەکان. وە ئەو زانیارییانەی بەمانەی خوارەوە ناسراون، بە زانیاری تایبەت بە مسۆگەرکردنی بەڕێوەبردنی مافەکان هەژمار دەکرێن :

١- کار یان تۆماری دەنگیی بەجێگەیەنەریی .

٢- دانەر یان بەجێگەیەنەر یان بەرهەمهێنەری دەنگیی .

٣- خاوەنی ماف لە کارێك یان بەجێگەیاندنێك یان تۆمارکردنێکی دەنگیی.

٤- ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ سوودو کەڵك وەرگرتن لە کارێك یان بەجێگەیاندنێك یان تۆمارکردنێکی دەنگیی ، بێنەئاراوە .

٥- هەر ژمارەیەك یان جفرەیەك هیما بکات بۆ دەرخستنی ئەم زانیارییانە .

**دووەم:** بەبێ ڕەزامەندی خاوەن ماف، چەند دانەیەك لە كارێك یان بەجێگەیاندنێكی چەسپاو یان تۆماركردنێكی دەنگیی ، دابەشیان بكات یان هاوردەیان بكات بەمەبەستی دابەشكردنیان یان پەخشیان بكات یان بۆ جەماوەر بیانگوازێتەوە ، چ زانیاری هەبێت لەمبارەیەوە یان هۆی تەواوی هەبێت بۆ زانین .

**ماددەی سی و هەشتەم :**

**یەكەم:** دادگا بۆی هەیە، لەسەر داواكاری دانەر یان جێگرەوەكەی، حوكم دەربكات بە لەناوبردنی دانەكانی یان وێنە لێوەرگیراوەكانی ئەو كارەی كەوا بە شێوەیەكی ناڕەوا بلاۆكراوەتەوە .

**دووەم:** ناكرێت حوكم بدرێت بە لەناوبردنی یان گۆڕینی ڕواڵەتی دانەكانی یان وێنە لێوەرگیراوەكانی هەر كارێك ئەگەر ناكۆكیەكە پەیوەست بێت بە وەرگێڕانی كارێك بۆ سەر زمانی كوردی ، چونكە لەم حاڵەتەدا پێویستە حوكمەكە كورت بكرێتەوە بەسەر گلدانەوەی كارە ڕەسەنەكە یان ئەو كۆپیانەی یان ئەو وێنانەی لێی وەرگیراوە ، بەگوێری پێویستی حاڵەتەكە .

**سێیەم:** دادگا بۆی هەیە حوكم بدات بە دەستبەسەرداگرتنی دانەكانی یان وێنەلێوەرگیراوەكانی كارێك لەگەڵ ئەو كەرەستانەی لە دەرهێنان و فرۆشتنی بەكارهێنراون ، ئەویش لەو سنوورەی بەشی قەرەبووكردنەوەی دانەرەكە بكات لەو زیانەی كەوا تووشی هاتووە.

**چوارەم:** ناكرێت ئەو بیناو خانوو ئەو پەیكەرتاشی و نیگارو دیكۆرسازیی و شێوە ئەندازەییانەی تیایدا یان بەسەریەوە دیارن بكرێنە بابەتی گلدانەوە. هەروەها ناكرێت ، بەمەبەستی پارێزگاریكردن لە مافەكانی ئەو دانەرە تەلارسازەی كەوا دیزایینەكانی بۆ بیناكردن و نیگارەكانی تیایدا بەشێوەیەكی ناڕەوا بەكارهاتووە، حوكم بدرێت بە لەناوبردن یان گۆڕینی ڕواڵەت یان دەستبەسەرداگرتنیان، بە مەرجێك ئەمە مافی قەرەبووكردنەوەی پێشێل نەكات .

**ماددەی سی ونۆیەم:**

دادگا بۆی هەیە حوکم بدات بە گەڕاندنەوەی حاڵەتەکە لە هەر کارێك تووشی هەموارکردن یان سڕینەوەی بەشێکی هاتبێت بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە .

**ماددەی چلەم:**

**یەکەم:** هەر کەسێك دەستدرێژی کراوەتە سەر هەر مافێکی بۆبڕیاردراو بەسەر کارەکەیدا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، مافی هەیە قەرەبوویێکی دادپەروەرانە وەرگرێت، بە مەرجێك پێگەی رۆشنبیری دانەر یان خاوەن کارەکەو بەهای ئەدەبی یان زانستی یان هونەری کارەکە و ئاستی سوودوەرگرتنی کەسی دەستدرێژیکار لە وەسوودهێنانی کارەکە، لە کاتی خەملاندنی قەرەبووەکە ڕەچاو بکرێت، ئەو قەرەبووەی لەم حاڵەتەدا بۆ دانەر حوکمی بۆ دەدرێت بە قەرزێکی مومتاز بە سەر پوختی نرخی فرۆشتنی ئەو شتانەی کەوا لە دەستدرێژیکردنە سەر مافەکەی بەکارهاتوون و لە سەر ئەو بڕە پارانەی کەوا لە داواکە گلدراونەتەوە .

**دووەم:** دادگا بۆی هەیە لە سەر داوای کەسی حوکم بۆدراو، بڕیار بدات بە بلاَوکردنەوەی ئەو حوکمەی کەوا بەپێی ئەم یاسایە دەریدەکات لە یەك یان زیاتر لە یەك رۆژنامەی رۆژانە یان هەفتانەو لە سەر خەرجی کەسی حوکم لەسەردراو.

**ماددەی چل و یەکەم:**

**یەکەم:** ئەگەر ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە سپاردن دەیگرێتەوە ڕەتیکردەوە پابەندییەکەی بە سپاردن جێبەجێ بکات، ئەوا پێویستە لە سەر دادگا بە غەرامەیەك کە لە پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت حوکمی بدات.

**دووەم:** ئەوەی غەرامەکە دەدات لە جێبەجێکردنی پابەندبوونی بە سپاردن نابوردرێت.

**ماددەی چل و دووەم:**

ماوەی پاراستنی کارە فۆتۆگرافیەکان و ئەوانەی هاوشێوەیانن (١٥) پازدە ساڵە لە رێکەوتی بلاَوکردنەوەی یان خستنەبەردەستی جەماوەرەوە .

## بەشی یازدەم
## حوکمی کۆتایی

**ماددەی چل و سێیەم:**

پێویستە لە سەر وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات .

**ماددەی چل و چوارەم :**

لەکارخستنی یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٧١ و هەموارکردنەکانی لە هەرێمدا.

**ماددەی چل و پێنجەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت

**ماددەی چل و شەشەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چل و حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە دوای نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێت.

یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەربوونی ماوەی یاسایی دەرچواندنی ، بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەم/ ٢ / لە ماددەی دەیەم لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی **هەموار کراو**

**هۆیە پێویستکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

لەپێناو هاندانی بزاڤی هزری و هونەری و ئەدەبی لە هەرێمی کوردستانی عێراقداو بوار ڕەخساندن لەبەردەم دانەران بۆ شاکاریی و داهێنان لــە ڕێگــەی دانــانی یاســایەك کــەوا کارەکانیان ڕێکبخات و مافەکانیان لە هەر دەستدرێژی یــان پێــشێلکردنێك لــە لایــەن کەسانی ترەوە بپارێزێت، بە جۆرێك کەوا بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنە هاتنەکایەکانی ئەم بوارەو لەگەڵ گیانی ســەدەداو وەك پێزانینێــك بــۆ شــاکاریی نووســەرو هونەرمەنــدانی کوردستان و ڕۆڵە پۆزەتیڤەکانیان لە پەرەپێدانی گــشتگیر لــە هەرێمــداو، بەمەبەســتی پەرەپێدانی پەیوەندیە ڕۆشنبیرییەکان لەگەڵ گەلانی جیهانــدا، بــە تایبــەتیش ئەوانــەی دراوسێن، لە ڕێگەی پاراستنی مافەکانی دانەرە بیانییەکان، بۆ هەموو ئەمانە ئەم یاسایە دەرچووێندرا .